# ڕۆڵی ژن وەکوخواوەند لە شوێنەوارەکانی کوردستانی باشوردا

**ژینۆ عبدالله سیده**
بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی
Zheeno.sayda@univsul.edu.iq
**د.رافدة عبدالله عبدالصمد**
بەشی شوێنەوار، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی
rafida.abdulsamad@univsul.edu.iq

**پوختە**

ژنان هەر لە کۆنەوە ڕۆڵێکی گرنگیان بینیوە لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا، یە کێک لەڕۆڵەکانی بریتی یە لە وێناکردنی وەکو خواوەندی ژن، بێگومان لەسەر چەندین پاشماوەی شوێنەواری لەکوردستانی باشوردا، لەوانە هەڵکۆڵراوی چیاکان ومۆرەکان وهتد....، یاخود ناوهێنانیان لە دەقە مێژووییەکاندا. هەندێک کات ئەم خواوەندانە خاوەنی پەرستگابوون لە شارە گەورەکان وپەرستگاکە مەڵبەندی سەرەکی پەرستنیان بووە، بێگومان ئەم خواوەندە ژنانە خاوەنی هێمای تایبەت بەخۆیانن و هەندێکیشیان بەتەنها خواوەندی یەک بوار نەبوون بەڵکو چەند مەبەستێکی جیاواز لەپەرستنیاندا بوونی هەبووە، بۆنمونە خواوەند ئیشتار یاخود – ئینەننا لەیەک کاتدا خواوەندی جەنگ وخۆشەویستیش بووە، لەم توێژینەوەیەدا وەسفی خواوەندە ژنەکان دەکەین لەگەڵ مەبەست وهۆکاری پەرستنیان لەناوچە جیاجیاکانی کوردستانی باشور لەمیانەی دۆزینەوە شوێنەواریەکان ودەرکەوتنیان لەسەر پاشماوە شوێنەوارییەکان .

**ملخص**

لطالما لعبت المرأة دورًا مهمًا في مختلف مجالات المجتمع البشري، ومن الأدوار تصويرها كإلهة، بالطبع على العديد من البقايا الأثرية في جنوب كردستان، بما في ذلك منحوتات الجبال والأختام، وما إلى ذلك، أو المذكورة في نصوص التآريخية، في بعض الأحيان كان لهذه الآلهة معابد في المدن الكبرى وكان المعبد مركز عبادتهم الرئيسي. بالطبع، كان لهذه الآلهة رموزها الخاصة وبعضها لم يكن مجرد آلهة في حقل واحد ولكن أيضًا عدة أغراض مختلفة في هذه الورقة، سوف نصف الآلهة لغرض وأسباب عبادتهم في أجزاء مختلفة من جنوب كردستان خلال الاكتشافات الأثرية وظهورهم على البقايا الأثرية.

**Abstract**

women's play plays an important role in various areas of human society, and the walls of the pictures are colorful, by nature, on some of the attractive remains in southern Kurdistan, where in These are the mountains and the mountains, and what about that, or the mention in historical texts, in some of the lives of this god Temples in the great city and the temple is the center of their chief worship. Of course, some of these gods have special symbols and some of them are not singular gods in the same sense, but there are also a number of different objects in this paper they are in different parts of southern Kurdistan through the archaeological discoveries and their appearance on the archaeological remains.

**ئامانجی توێژینەوە**


لەم توێژینەوەیەدا ئامانجمان ئەوەیە کە تیشک بخەینە سەر دەرخستنی ڕۆڵی ژن ، لەکوردستانی باشوردا تایبەت تر ڕۆڵی ژن وەکو خواوەند، هەوڵمان داوە خواوەندەکان بناسێنین بەپێی دەرکەوتنیان لەسەر پاشماوە شوێنەوارییەکان وڕۆڵەکانیان پیشان بدەین، بە پشت بەستن بەچەندین سەرچاوەو توێژینەوەی گرنگی تایبەت بەبواری توێژینەوە.

**ڕۆڵی ژن وەکو خواوەندی دایک لەچاخەکانی پێش مێژوو**




*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034


یەکێک لەڕۆڵەکانی ژن وەکوخواوەندی دایک وێنا کراوە ، لەهەریەکە لەپاشماوە شوێنەواریەکانی گوندی بێستان سور،گوندی چەرمو،گردی قالینج ئاغا، گوندی تەپە گەورە . (بڕوانە هەریەک لەوێنەکانی( ٤،٣،٢،١ ) .




وێنەی ژمارە (١) بوکەڵەی خواوەندی دایک لە بێستان سور وەرگیراوە لە:
(Matthews.*et.al*, 2020, p.543).



وێنەی ژمارە (٢) بوکەڵەی خواوەندی دایک لەچەرمو کە لەقوڕ دروستکراوە ، وەرگیراوە لە :
(Braidwood.*et al,* 1960, p. 232.)



وێنەی ژمارە (٣) بوکەڵە لە شێوەی خواوەندی دایک لەقالینج ئاغا
وەرگیراوە لە : (Abu Al-Soof, 1968, P.46.)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034



وێنەی ژمارە (٤) چەند نمونەیەک لە پەیکەرە مێینەکانی تەپە گەورە کە وەکو خواوەندی دایک وێناکراون، وەرگیراوە لە: (Tobler, 1950,P.364.)

لەم توێژینەوەیەدا چەند خواوەندێک باس دەکەین، بەپێی گرنگی وپێگەیان، ناوهاتنیان لە دەقە مێخییەکاندا. کە بریتین لەمانەی لای خوارەوە:


**١.خواوەند ئیشـــتار**(الأحمد،٢٠١٣،ص٣٢-٣٤) و(الدباغ،١٩٦٧،ص١١٩). **لەدەقە مێخیەکاندا** ،جێی ئاماژەیە کە ئەم خواوەندە ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەهونەرو مێژووی میســۆپۆتامیاو کوردســتانی کۆندا بە درێژایی چاخە مێژووییەکان، ناوی خواوەند ئیشتار لەریزی خواوەندانی سۆمەریدا بەشێوەی **Inanna** ناوی هاتووە، کەوەرگیراوە لە لۆلۆگرامی **NIN.AN.NA** بەواتای خانمی ئاســمان دێت لەزمانی ئەکەدیشــدا پێی وتراوە-**tăr ᴰeŠ** پاشــان بووبە **tăr ᴰiŠ**، کەبەزۆری بەواتای پیرۆز **(tăru iŠ)**دێت، سیفەتی ئیشتاریتو لەم ناوەوە وەرگیراوە، ئەم سیفەتە بوو بەیەکێک لەناوەکانی خواوەند ئیشتار، شاری ئوروکی ســومەری ناوەندی پەرســتنی ئەم خواوەندە بوو، ئەو پارێزەری شــارەکە بوو، خواوەند ئینانا جێگەیەکی زۆرگرنگی لەئاینی سـۆمەریدا هەبوو، لەســەردەمی ئەکەدی و بنەماڵەی ئوری ســێیەمدا زۆر بەناوبانگ بوو هەروەها، بوو پەپارێزەری شــارەکە بەدرێژایی ســـەردەمی ئەکەد.(Hasan,2018-2019,p.129 )دەربــارەی ڕۆڵــی ئەم خواوەنــدە ڕوودەکەینە پــاشـــمــاوە شوێنەوارییەکانی کوردستان، سەرەتا ناوهاتنی خواوەند ئیشتار لە دەقە مێخیەکاندا لە وانەش دەقەکانی هەڵەدنی، بێتواتە .

**١. ناوی خواوەند ئیشتار لە نوسراوی هەڵەدنی**

نوســـراوەکە لەلایەن جوتیارێکەوە دۆزرایەوە لە باشـــوری گوندی قەرەچەتان، لەدامێنی پیرەمەگرون باکوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی. لە نوسینە مێخیەکانی ئەم دەقە لەدێری ژمارە (٧) دا ئاماژە بەناوی خواوەند ئیشتار کراوە.(بروانە وێنەی ژمارە ٥).



بەشی سەرەوەی وێنەی ژمارە (٥) بەشی سەرەوەی نوسراوی بەردەکەی هەڵەدنی تێیدا ئاماژە بە ناوی خواوەند ئینانا یاخود ئیشتار کراوە وەرگیراوە لە:
(Ahmed. 2012, p.313)




NUN dinger INANNA [x(?)]

وێنەی ژمارە (٦) کۆپیەکی دەستی نوسراوەکەی هەڵەدنی، جیاکردنەوەی دێری (٧) کەئاماژە بە ناوی خواوەند ئیشتار کراوە. وەرگیراوە لە:
(Ahmed.2012, p.317).

**٢. ناوی خواوەند ئیشتار لە نوسراوەکەی ئورشەلیم**


ئەم نوسـراوە لەســەر میلێک لەگەڵ نەخشــەکەی بە پێی زانیاریەکان پێکەوە لەگەڵ نوســراوەکەی بێتواتە لەهەمان شـوێن لە بەرد-ی سـانجیان لە بێتواتە دۆزرانەوە، ئەم شـارۆچکەیە کەمێک لەباکوری ڕۆژئاوای دەشـتی ڕانیە هەڵکەوتووە، بەشـێوەیەکی نهێنی گەیشتە بازاڕی ڕەشی جنێف، فرۆشرا بە کۆکەرەوەیەکی تایبەتی ئەوروپی دواجار گەیشتە مۆزەخانەی ئیسرائیل لەساڵی ١٩٧١ نمایشکرا. هەربۆیە پێشی دەوترێت میل ونوسراوی ئورشەلیم چونکە ئێستا لە ئورشەلیم پارێزراوە (بڕوانە وێنەی ژمارە ٧).



وێنەی ژمارە (٧) نەخش ونوسراوەکەی ئورشەلیم وەرگیراوە لە :
(Shaffer & Wasserman. 2003, fig.2, p.6).

بیرمان نەچێت کە کە خواوەند ئیشتار لەم نەخش ونوسراوەی ئورشەلیم دا دوو جار ناوی هاتووە، جارێک لە ستونی یەک دێری یەک وجارەکەی دیکە لە ستونی شەش دێری سیازدە، بەشێوەی
[*ù* [d]INANNA?] [and Ištar (?)], هاتووە.

لەوێنەی ژمارە (٨) دا خواوەند ئیشتار دەبینرێت، کەبەرامبەر پاشا ئیدی(ن) سین وەستاوە، تاجێکی چوار جوت شاخداری لەسەرە، گوارەی لەگوێیە وملی داپۆشراوە بە ملوانکەیەکی پێنج ئەڵقەیی، لەدواوە قژی بەستراوەو شۆڕبۆتەوە بۆسەر شانی، دەستی ڕاستی بەرەو پاشا بەرزکردۆتەوە. بەهۆی نەمانی شوێنەواری دەستی لەوجێیەدا نازانرێت چی لەدەستی ڕاستیدا هەیە، بەدەستی چەپی شتێکی هەڵگرتووە لەهەردوو لاوە چەماوەتەوە ڕەنگە جۆرێکی چەک بێت جلێکی ئاودامانی لەبەرە. ( بڕوانە وێنەی ژمارە (٨).



ژماره(٨أ) خواوەند ئیشتار ، ژماره(٨ب)

هێڵكاری توێژەر

وێنەی ژماره (٨) خواوەند ئیشتارلەگەڵ پاشا ئیدی(ن) سین .وەرگیراوەلە: (Shaffer. & Wasserman.2003,p.4,5).

**٣.نوسراوەكانی بێتواتە**

ئەم سێ نوسراوە هەریەكەیان تایبەتن بە نوسراوێكی جیاوازی خواوەند، بۆیادی سەركەوتن بەسەرشاری یاخیبووی كولونوم نوسراوە، لەبەرد- ی سانجیان لەبێتواتە دۆزرایەوە، ئێستا لەمۆزەخانەی عێراقین لە بەغداد، لە تێكستی ١یاخود A لەدێڕی ١٥ دا ئاماژە بەناوی خواوەند ئیشتار كراوە بەشێوەی $^{d}$INANNA و لەدێڕی ٢٣ دا شدا ئاماژەی پێكراوە بەشێوەی *ša* $^{d}$INANNA ولەدێڕی ٤٥ یشدا دوبارە ئاماژەی پێدراوە بە شێوەی $^{d}$INANNA ،هەروەها لە هەریەكە لە تێكستەكانی ٢و٣ یاخود B وC دا لەدێڕی ١٥ دا ناوی هاتووە بەشێوەی $^{d}$INANNA، ئەوەمان لەیاد بێت كە خواوەند ئیشتار یان ئینانا لەم تێكستانەی بێتواتەدا وەكو خواوەندی جەنگ ناسێنراوە (The lady of battle).(Ahmed.2012, p.282-284). (بڕوانە وێنەی ژمارە ٩)


تێكستی ٣ تێكستی ٢ تێكستی١

وێنەی ژماره (٩) ( تێكستی ٣،٢،١ ) ی بێتواتە وەرگیراوە لە :

jzsb.univsul.edu.iq

(Ahmed2012, fig. (11a,b,c) p.321,322,323).

**خواوەند ئیشتار لەسەر هەڵکۆڵراوی چیاکان**

**١. خواوەند ئیشتار لەسەرهەڵکۆڵراوی دەربەند باسەڕە**

نەخشـــەکە دەکەوێتە دۆڵی باســـەڕە لەزنجیرەچیای زاگرۆس، ئەم دۆڵە دەکەوێتە نێوان دۆڵی بازیان ودەربەندیخان ٢٧کم باشـوری دۆڵی بازیان لەلێواری شـاخێک دایە، دوای گەیشـتن بەگوندی دێلێژە دەگەیتە ڕێگایەکی خاکی قیرتاونەکراو لەوێشـەوە دەگەیتە نەخشـەکە، بەرزی ئەم نەخشـە ٦٢٨مەترە لەئاستی ڕووی دەریاوە، ئەم نەخشـە بەڕێکەوت لەلایەن کەسێکی ناوخۆییەوە دۆزرایەوە کەناوی (ڕەزا عبداللە) بووسـاڵی ١٩٩٣، کاریگەری شـێوانێکی گەورە بەسـەر ئەم نەخشـەوە دیارە جگە لەهۆکاری سروشـتی وەک باران وبەفر وکوالێتی ئەوبەردەی نەخشـەکەی لەسـەر هەڵکۆڵراوە، قوڵی ئەم نەخشـە ٣سم ە، نەخشێکی بچوکە لەچوارچێوەیەکی چوارگۆشـــەدا پەیکەرســـاز کراوە بەقەبارەی ٥٠x٦٣ســـم وبەقوڵی ١بۆ ٥.١ســـم، ئەم نەخشـــە بە مەبەســـتی ئاهەنگگێران بۆسـەرکەوتنێکی سـەربازی نەخشێنراوە، لە نەخشـەکەدا سێ کارەکتەر وێناکراوە.(Hasan.2018-2019,p.126-128)




ژمارە(١٠أ) هێڵکاری بەدەست کێشراو ژمارە (١٠ب)

وێنەی ژمارە (١٠) دیمەنی نەخشەکەو هێڵکاری بەدەست کێشراو وەرگیراوە لە:
.(Hasan. 2018-2019 fig.94,95, p.82)

لەلای چەپەوە کەسـێک سـەیری لای ڕاسـت دەکات کڵاوێکی لەسـەردایە بەهۆی تێکچون و بچوکی قەبارەکەیەوە ناتوانین جۆری جلەکەی بزانین، قاچی ڕاستی بەرزکردۆتەوە بۆلای ئەوکەسەی لەبەردەمیدایە و خەریکە بەجەستەی کەسەکەوە بچەسپێت کەسی بەردەم پاشا ڕەنگە خواوەند ئیشتار خواوەندی جەنگ بێت، ئەگەر وابێت ئاماژەیە بۆ نیعمەت ویارمەتی دانی پاشا بۆ ئەم سـەرکەوتنە، توێژەر پێی وایە کە ئەم کەسـە خواوەند ئیشتار ە ئەویش بە بەڵگەی شێوازی جل وبەرگ وکڵاوی خواوەندەکە، کە لەوەی خواوەند ئیشتار دەچێت لە نەخشەکەی ئورشەلیم، خواوەندەکە کڵاوێکی شاخداری لەسەرە وجلێکی ئاودامانی لەبەرە. جێی ئاماژەیە کە ئەم نەخشە لەکتێبی ڕۆژهەڵاتناسەکاندا باس نەکراوە هەروەها لە کتێبەکەی ئیدمۆنزیش باسنەکراوە.






خواوەند ئیشتار نەخشی میلەكەی ئورشەلیم

خواوەند ئیشتار دەربەند باسەڕە

**٢. خواوەند ئیشتارلەسەرنەخشی ماڵتا**

نەخشـەكانی ماڵتا دەكەوێتە باكوری میسـۆپۆتامیا ٧٠كم باكوری موصـل لە باشـوری ناوەندی شـاری دهۆك، لەدامێنی چیای زاوا پەیكەرساز كراوە، ئەم چیایە بەچەند ناوێک ناودەبرێت كە بریتین لە زاوا، بێخێروشیندوخا، ناوی زاوا زیاتر بەكارهێنراوە، ئەم نەخشـانە لەسـاڵی ١٩٤٨ لەلایەن ڕۆیتەوە كە كونسوڵی ئەوكاتی فەڕەنسـا بوولە موصـل دۆززرانەوە پێیان دەوترێت نەخشـی ماڵتای بەهۆی گردی ماڵتاوە، خەڵكی ناوچەكە پێیّ دەڵێن ئەشــكەوتی هەڵامەتا واتە ئەشــكەوتی پەیكەرەكان، بۆئەوەی هۆكاری سروشـتی كاری لێنەكات پاشـای ئاشـوری ئەم شـوێنەی هەڵبژارد چونكە ڕووی لەشـاری دهۆكە، تەها باقروفواد سفر پێیان وایە ئەم نەخشـانە بۆ یادكردنەوەی سـەركەوتنی پاشـای ئاشـوری سـەنحاریب لەم ناوچەیەدا دروسـتكراون، چونكە زۆربەی خواوەندە نێرەكان كە دەردەكەون چەكدارن، ئەمەش ئەوە دەردەخات كە دیمەنەكە سـەربازییە، نوسـەرانی وەک مەزلوم وبێكەس بریفكانی پێیان وایە بۆ یادكردنەوەی یادی دامەزراندنی پرۆژەیەكی ئاودێری دروسـتكرابن، ئەگەری هەیە پاشا سـەنحاریب بۆسـەركەوتنی پرۆژەی ئاودێریكردنی شــاری نەینەوا ئەم نەخشــانەی دروســتكردبن، دیمەنەكە لە كاروانێک پێكهاتووە كەبەرەو ڕۆژهەڵات دەڕوات لە حەوت خواوەندی سـەردەمی ئاشـوریەكان پێک دیت، كەوەسـتاون لەسـەرپشـتی ئاژەڵە پیرۆزەكانی خۆیان، پاشـا لە پێشیانەوە وەستاوە .

- Hasan.2018 ) .(204-201.p ,2019 (بڕوانە وێنەی ژمارە ١١).



وێنەی ژمارە (١١ ) کاروانی حەوت خواوەندەکە لەگەڵ پاشای ئاشوری وەرگیراوە لە:
(Hasan. 2018-2019.p.141).

**دەرکەوتنی خواوەند ئیشتار لەم نەخشەدا**

خواوەند ئیشتار خواوەندی خۆشەویستی وشەڕ لەپلەی حەوتەمدا هەڵکەوتووە ، دوای خواوەند ئەدەد، کڵاوێکی لەسەردایە کەئەستێرەیەکی هەشت گۆشەی لەسەرە، قژی کۆکراوەتەوەو لەسەرشانی وەستاوە جلێکی ئاودامانی لەبەردایە، دەستی ڕاستی بەرزکردۆتەوە سڵاو دەکات بازنگی لەدەستدایە، لەدەستی چەپیدا ئەڵقەیەک هەیە خواوەند ئیشتار لەسەر شێرێک وەستاوە لەبەرئەوەی هیچ چەکێکی پێ نییە نازانین ئایا خواوەندی جەنگە لێرەدا یان نا.(Hasan. 2018-2019.p.141) ( بڕوانە وێنەی ژمارە ١٢).



وێنەی ژمارە (١٢) خواوەند ئیشتار هێڵکاری توێژەر

**خواوەند ئیشتاری ئەربێلا**

خواوەند ئیشتار لەئەربێلا دەپەرستراو پەرستگایەکی تایبەتی هەبووە، کە شوێنەوارەکەی ئێستا لەژێر قەڵای هەولێردایە، وناوی( Egašankalamma) (*bēt šarrat māti*) *واتە ماڵی خانم/شاژنی خاکەکە، ئیشتاری ئەربێلا*.

Ištar of Arbela" (*Issār ša Arbail*)

"Lady of Arbela" (*bēlet Arbail*) (Nissinen.M,2020,pp129,130).

(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٣) ئیشتاری ئەربێلا، دەرکەوتووە بە نەخش و نوسینێک لەسەر بەرد تۆمارکراوە لە تەل بارسیب دۆزراوەتەوە لەباکوری ڕۆژهەلاتی سوریا، خواوەندی جەنگاوەری ئاشورییە (Stukey.J,2015,p.4) ، لەم نەخشی سەربەردەدا خواوەند ئیشتار لەسەر شێرەکەی وەستاوە کڵاوێکی خواوەندی لەسەرە لەگەڵ ئەستێرەیەکی هەشت لا کە هێمای خۆیەتی لەناو بازنەیەکدایە، قژی لەدواوە کۆکراوەتەوە جلێکی ئاودامانی لەبەرە، بەشی دواوەی درێژە، بەشی پێشەوەی جلەکەی تاسەرئەژنۆیەتی، دەستی ڕاستی بەرز کردۆتەوە وبازنی لەدەستە، بەدەستی چەپی پەتێکی بەدەستەوە گرتووە کە کراوەتە ملی شێرەکەی، لە شانەکانیدا کۆمەڵێک چەکی هەڵگرتووە، بەهۆی ئەم چەکانەوە دەتوانین بڕیاربدەین کە لێرەدا خواوەندی جەنگە.




وێنەی ژمارە (١٣) ئیشتاری ئەربێلا وەرگیراوە لە:
(Esztari .& Ver . 2015,p.8).

**٢. خواوەند شاوشکا- ئیشتاری نەینەوا**

کۆنترین باسی ئەم خواوەندە لەدەقێکدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆسالّی چل و شەشەمی حوکمڕانی شولگی، پێشکەش کردنی بەرخێک بووە وەک قوربانی بۆ پەرستگای ئەم خواوەندە لە نەینەوا، شاوشکا ناوەکەی خوری بوو بەواتای "گەورە یان شایستە " دێت، بە خواوەندی خۆشەویستی ومناڵبوون وهاوسەرگیری وجەنگ وچارەسەری نەخۆشی ..هتد...، ناسراوە، پەیوەندیەکی زۆری بەسحرەوە هەیە، هێماکەی شێرە -Singer.2016,p.48) 54 () .

هەروەها لە نامەی ژمارە ١٢٨ی دەقەئابوریەکانی شمشارەدا دێری ٩، 128.SH.894(As) بەشێوەی ئیشتاری نەینەوا ناوی هاتووە، (Eidem.J,1992,p.81) بڕوانە وێنەی ژمارە (١٤) .




وێنەی ژمارە (١٤) دەقی نامەكە وجیاكردنەوەی دێری (٩) كە ئاماژە بەناوی ئیشـــتاری نەینەوا دەكات وەرگیراوە لە : (Eidem.J,1992,p.62)

هاوشـانی خواوەند ئینانای سۆمەری بوو، لەسـەردەمی ئوری سێیەمدا ناوی شـاوشـكا وەک خواوەندێک لەبەری ڕۆژهەڵاتی ڕووباری دیجلە بۆنمونە شاری ئەربێلا (هەولێری ئێستا) هاتووەوپەرستراوە و دواتر

لەشـــارە خوریەكانیش پەرســـتراوە ( **بڕوانە وێنەی ژمارە(١٥)** ) لەســـەردەمی خوریەكان ٣٣٠٠ســـاڵ پ.ز و بەدرێژایی دەســەڵاتی میتانییەكان ١٥٠٠-١٢٤٠پ.ز، لەســەردەمی میتانیدا خواوەندی ســەرەكی بوو ولەســەردەمی هیتیەكانیشــداخواوەندی شــەخســی پاشـا حاتوشـیلی سـێیەم بووە ١٣٤٤-١٢٤٥پ.ز ودواتریش پەرسـتراوە، وەک پێشـتر وتمان ئەم خواوەندە خواوەندی چارەســە روشـیفای نەخۆشـیەكان بوو ، (أحمد،٢٠١٨،لا.٤٤-٤٧) لە یەكەمین دۆزراوی خوری لەســاڵی١٨٨٧ كەبەنوســراوی ژمارە EA 23ناسراوە توشراتای (Tušratta) پاشای میتانی ١٣٦٠ پ.ز پەیكەرێكی خواوەند شاووشكای بۆ ئامنحوتبی سێیەم فیرعەونی میصـر (Amenophis III)ناردووە . ئەم نوسـراوەبەزمانی مێخی بەشـێوەی نافەرمی نوسـراوە كەلەسـاڵی ١٩٣٢ لەلایەن Johannes Friedrich ، ڕەنوس كراوەوبەناوی (Subarian text )بڵاوكرایەوە ، ئامنحوتبی ســـێیەم بەڕێگەی ژن وخوازی ببوو بەزاوای توشراتا .مەبەستی ناردنی ئەم پەیكەرە بۆ ئەوە بوو، كەلەنەخۆشیەكەی چاكبێتەوە، نامەیەكیشی هاوپێچی پەیكەرەكە كردبوو ئێســـتا ژمارەی (EA 23 ی دراوەتێ لەنووســـراوەكانی ( El-Amarna ) نامەكە ٣٢دێری لەخۆگرتبوو. (بڕوانەبەشێكی نوسراوەكە لە خوارەوە دانراوە).

> When my brother sent Mane, his messenger,
> saying: ‘Send your daughter here to be
> my wife and the mistress of Egypt’, I (...)
> said: ‘Of course!’ (…) When he (Mane)
> saw her, he praised her greatly. I will lead
> her in safety to my brother’s country. May
> Shaushka and Amun make her the image of
> my brother’s desire. (ll. 17-24)



***JZSB*** p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

As now my brother loves me, as now
I love my brother, so may Teshub,
Shaushka, Amun, Shimige, Ea-Sharri,
and all the gods love us in their hearts
very, very much (…). We, the Hurrian
land (Mitanni) and the land of Egypt,
of Egypt, and my brother is the king
of the Hurrian land (…). I shall speak. (Singer.2016, p.49-54).




وینەی ژمارە (١٥)
وێنەی داتاشراوی بەردینی خواوەند شاوشکا، لە نوزی وەرگیراوە لە: (أحمد،٢٠١٨،لا. ٥٥)

**دەرکەوتنی خواوەند ئیشتار - شاوشکا لەسەر مۆرە لولەییەکان**

**١.لەنوزی**

خواوەند ئیشتار- شاوشکا لەسەر ئەم چوار مۆرەمیتانییەی خوارەوە کە هەڵمان بژاردووە دەرکەوتووە، بەڵام بەبێ بەرگ،(بروانە وێنەی ژمارە ١٦)



وێنەی ژمارە (١٦) چوار مۆری میتانی وێنای خواوەند ئیشتار دەکەن وەرگیراوە لە:

(Stein, 1988, abb26,28.30,31, p.199).

**٣. خواوەند نینلیل :خواوەندی چارەنوس**

ئەم خواوەندە لە نەخشەکەی چیای زاوادا بوونی هەیە ڕاستەوخۆ لەدوای خواوەند ئاشورەوژنی خواوەند ئاشورە، بۆیە لەپلەی دووەم دێت لەسەرکورسییەک دانیشتووە، کورسییەکەی پشتی ئاژەڵی شێرە هەمان جلوبەرگی خواوەند ئاشوری لەبەردایە وگوارەی لەگوێیە، دەستی بەرزکردۆتەوە بۆسەرەوە، بۆسڵاوکردن لەدەستی چەپیدا تەنها ئەڵقەیەک هەیە وهیچ چەکێکی هەڵنەگرتووە.(Hasan.2018-2019, p.204-205 ) **(بڕوانە وێنەی ژمارە (١٧).**



وێنەی ژمارە (١٧) خواوەند نینلیل وەرگیراوە لە:
.(Hasan.2018-2019, p.139)

**٤.خواوەند نینخورساگ :خواوەندی چیا پیرۆزەکان**

لەدەقی نوسراوەکەی ئورشەلیم کەپێشتر ئاماژەی پێدراوە ناوی هاتووە، لە ستونی ٦ دێری ژمارە ٩، هەروەها لە دەقەکانی بێتواتە دا لە تێکستی یەکەم لەدێری ٣٨ دا ناوی هاتووە، بەشێوەی [$^{d}$NIN.Ḫ UR.SAG].هەروەها لە تابلۆگڵێنەییەکانی ناوچەی حەمریندا تابلۆی هەیە .خواوەند نینخورساگ جلێکی درێژی لەبەردایە بەرەو ڕوو وەستاوە سەری دوومناڵ لەسەر شانەکانی هەیە، لەم لاولاشی دووهێمای ئۆمیگا هەن کەهێمای ئەم خواوەندەن. لەباوەشیدا مناڵێک هەیە کە خواوەند خەریکە شیری پێدەدات، لەلای قاچەکانیشی دوومنداڵ یاخود جنۆکە هەن.(الحيالي.٢٠٠٦،ص.٧٩) ،**(بڕوانە وێنەی ژمارە ١٨ )**



وێنەی ژمارە(١٨) خواوەند نینخورساگ ناوچەی حەمرین وەرگیراوە لە:( الحيالي. ٢٠٠٦.شكل ١٤).

**٥.خواوەند باگبارتو**

هاوسەری خواوەند خالدی یە ئاشوریەکان پێیان وتووە باگبارتو یان باگماشتو لە موصاسیر، پەیکەرەکەی لەپەرستگەی خواوەند خالدی بوو لە موصاسیر –ئاردینی، سەرجۆنی دووەمی ئاشوری پەرستگاکەی تاڵان کردووە وپەیکەری باگبارتوی بەتاڵان بردووە بۆ هەولێر (S.Krool.et.al,2012,p.29,206,252)

**٦.خواوەند باتیریتوم**


ئەم خواوەندە لەناوچەی باتیر دەپەرسترا کە( تەل سولیمەی ئێستا) دەگرێتەوە، لەدەقێکی سەردەمی ئوری سێیەمدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم خواوەندە ژنە لە زیموداریشدا دەپەرسترا کەشارێکی دیکەیە دەکەوێتە ناوچەی دیالەوە. مۆرێکمان هەیە کە لە تل سولیمە دۆزراوەتەوە هی کاهینی خواوەندە ژن باتیرە، نوسینی لەسەرە ئەسڵی نوسراوەکە سڕاوەتەوە و لەشوێنێکدا نوسینێکی بچوکتری لەلایەن کوڕی خاوەن مۆرەکەوە بۆزیاد کراوە. (Weer.2012, p.387) **(بڕوانە وێنەی ژمارە١٩)**




وێنەی ژمارە(١٩) چاپی مۆری لولەیی کاهینی خواوەندە ژن باتیر وەرگیراوە لە:
(Weer,2012, fig.19.6, p.388).

**٧.خواوەند لاما- خواوەندی تکاکار**

دەربارەی ئەم خواوەندە بەڵگەی زۆرمان لە کوردستاندا نیە، ئەوەی هەیە بوونی ئەم خواوەندە لەسەر تابلۆی گڵێنەیی یە لە ناوچەی حەمرین کە دیمەنی ئەم خواوەندەی لەسەر وێنا کراوە. خواوەند لاما جلوبەرگی خواوەندی پۆشیوە کەجلێکی قات قاتە وهەردودەستی بەرزکردۆتەوە بۆسەرەوە نزا دەکات. (الحيالي.٢٠٠٦،ص.٧٨) (بڕوانە وێنەی ژمارە ٢٠) هەروەها لەسەر مۆرە لولەییەکانی نوزی وێنا کراوە.( Stein.L,1998, p.188.)



وێنەی ژمارە (٢٠) خواوەند لاما ناوچەی حەمرین وەرگیراوە لە: (الحيالي.٢٠٠٦،شکل.١١)



وێنەی ژمارە (٢١) خواوەند لاما لە سەرمۆرێكی لولەیی لە نوزی وەرگیراوە لە:
(Stein.L. 1988, fig, 23, p.192.).

**دەرئەنجام:**

١. ژن وەكو خواوەندی دایک ڕۆڵی گێراوە كەهێما بووە بۆ پیت وبەرەكەت وزۆربوون، نمونەشــی لەهەریەكە لە گوندەكانی بێستان سورو چەرمو و تەپەگەورە و لەگردی قالینج ئاغا دۆزراوەتەوە.

٢. لەم توێژینەوەیەدا چەندخواوەندێكی ژن باسكراو ە،كەبەپێی گرنگیان ڕیزبەندیان بۆكراوە.

٣. خواوەند ئینانا یاخود ئیشــتار لەســەرەوەی ئەوخواوەندانە دێت بەوپێیەی لەهەریەكە لە نوسـراوەكانی هەڵەدنی وئورشـەلیم وبێتواتە دا ناوی هاتووە، هەروەها لەســـەر مۆرەكانی نوزیش دەركەوتووە جگە لە دەركەوتنی لەســـەر نەخشـــی هەڵكۆڵراوی چیاكان وهتد..لەسەردەمە جیاوازەكاندا پەرستراوە ولەشاری ئەربێلاش پەرستگای تایبەت بەخۆی هەبووە.

٤. خواوەند شــاووشــكا خواوەندی گەلی خورییەكان بووە و لەوســەردەمە و ســەردەمانی دواتریشــدا پەرســتراوە لەناوچەی هەولێرو نەینەواو ناوچەكانی دەرەوەی خاكی میســۆپۆتامیا، هاوشــانی خواوەند ئینانا یان ئیشــتار بووە، پەرســتگای لەشــاری نەینەواهەبوو، بەخواوەندی جەنگ وخۆشەویستی وچارەسەری نەخۆشی وسحر دانراوە، لەسەردەمی میتانیدا خواوەندی سەرەكی بووە و پاشا توشراتا پەیكەری ئەم خواوەندەی ناردووە بۆولاتی میسر بۆ پاشا ئەمنحوتبی سێیەم بە مەبەستی چارەسەر، هاوپێچ لەگەڵ نامەی دیبلۆماسیدا.

٥ . خواوەند نینلیل لەسەر نەخشەكەی ماڵتا دەردەكەوێت وەكوژنی خواوەند ئاشور، خواوەندی چارەنوس بووە.

٦. خواوەند باگبارتو ژنی خواوەند خالدی بووە، پەیكەری ئەم خواوەندە لەپەرســتگای خالدی لە موســاســیر بوونی هەبووە، دواتر سەرجۆنی ئاشوری بەتاڵانی بردوویێتی بۆ هەولێر.

٧.خواوەند نینخورســـاگ لەدەقەكانی بێتواتە تێكســـتی یەكەمدا ناوی هاتووە، هەروەها لەســـەر یەكێک لە تابلۆگڵێنەییەكانی ناوچەی حەمرین وێنا كراوە.

٨ . خواوەند باتیر یان باتریتوم لەناوچەی باتیر پەرســـتراوەو پەرســـتگای هەبووە، چاپی مۆرێكی لولەیی لە تەل ســـولەیمە دۆزراوەتەوە كەهی كاهینی پەرستگای ئەم خواوەندە بووە.

٩. خواوەند لاما خواوەندی تكاكار، لەســـەر یەكێک لە تابلۆگڵێنەییەكانی ناوچەی حەمرین وێنا كراوە،كە جلی خواوەندی لەبەرەو هەردودەستی بەرزكردۆتەوە بۆنزا كردن ، هەروەها لەسەر مۆرەكانی نوزی وێنا كراوە.

١٠. خواوەندەكان هەریەكەیان مەبەســـتی پەرســـتن وهێمای تایبەت بەخۆیان هەیە ، بۆنمونە خواوەند ئیشـــتار هێماكەی ئەســتێرەیەكی هەشــت گۆشــەیە لەگەڵ ئاژەڵی شــێر، خواوەند نینلیل كورســییەكەی ئاژەڵی ئەفســانەیی تێكەڵ لەمرۆڤ وئاژەڵی لەسەرە وەک گا، خواوەند نین خورساگ هێماكەی ئۆمیگایە .

**لیستی سەرچاوەكان**

سەرچاوە كوردی وعەرەبیەكان

١.ئەحمەد.ئارەزوو ڕەسوڵ،(٢٠١٨) ڕەهەندی مرۆڤایەتی لەمێژووی خواوەند شـاووشـكا، گۆڤاری قەڵای زانسـت، زانكۆی لوبنانی فەرەنسی، بەرگی ٣، ژمارە ٣، هەولێر،لا.٤٤١-٤٧.

٢. الأحمد،سامی سعید،(٢٠١٣) المعتقدات الدینیة في العراق القدیم ،بیروت،ص٣٢-٣٤.

٣. الدباغ،تقي،(١٩٦٧) آلهة فوق الأرض، دراسةمقارنةبین المعتقدات الدینیة القدیمة، سومر،ج ٢،١،م. ٢٣،ص١١٩ .



*JZSB* p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

٤. الحيالي.فيحاء مولود، (٢٠٠٦) ألواح فخارية من مواقع حوض حمرين من العصـر البابلي القديم ، رسـالة ماجسـتير،كلية الآداب،جامعة بغداد،ص.٧٨-٨٠.

سەرچاوە بیانیەكان

1.Ahmed, K. M. (2012) “The beginnings of ancient Kurdistan (c. 2500-1500 BC): A Historical and Cultural Synthesis.” PhD Dissertation. Leiden University.282-284,313-323.

2. Abu Al-Soof, Behnam, (1968) Excavation at Tell Qalinj Agha (Erbil), Summer, P.46.

3. Braidwood.*et al*, (1960) Prehistoric Investigations in Iraqi Kurdistan, University of Chicago, N.31, Vol.501, p. 232.

4. Eidem.J(1992), The Sahemsharā Archives2 the AdministrateveTexts, Copenhagen, pp.62.81.

5. Esztari R. and Ver A, The Voices of Ištar Prophetesses and Female Ecstatics in the Neo-Assyrian Empire, University, Piliscsaba – Budapest, Hungary, p.8.

6. Hasan. B. J, (2018-2019) Les bas-reliefs rupestres des montagnes du Kurdistan (Irak) Vol.I- e-Université Lumière Lyon 2. (IIIème millénaire avant J.-C. - IIIème siècle après J.-C.), p.201-205.

7. Hasan. B. J, (2018-2019) Les bas-reliefs rupestres des montagnes du Kurdistan (Irak) Vol.II- e-Université Lumière Lyon 2. (IIIème millénaire avant J.-C. - IIIème siècle après J.-C.), p.82-139.

8. Matthews.*et.al. (*2020*)* The Early Neolithic of the Eastern Fertile Crescent*, Excavations* at Bestansur and Shimshara, Central Zagros Archaeological Project, Vol.II, Philadelphia, p.543.

9. Nissinen.Martti. (2020) “Ištar of Arbela” in ARBELA ANTIQUA Edited by Frédéric Alpi, Zidan Bradosty, Jessica Giraud, John MacGinnis et Raija Mattila, pp.129,130.

10. Stein, D. L. (1988), Mythologische Inhalte der Nuzi- Glyptik in*: Hurriter und Hurritisch*, ed. Haas, V., Band II, Konstanz, p.188-192.

11. Shaffer. & Wasserman, (2003), Iddi(n)-Sin, King of Simurrum: A New Rock-Relief Inscription and *a* Reverential Seal, Mit einem Beitrag von Ursula Seidl,” *ZA* 93, Berlin, Walter de Gruyter GmbH & Co. kg, p.4-6.

12. Singer.G. (2016), “Shaushka, the Traveling Goddess” Centro de Estudios de Historia del Antiguo Oriente / Pontificia Universidad Católica Argentina / Buenos Aires / Argentina, p.48-54.

13. S. Krool&et.al (2012), in acta Iranica Biainili-Urartu, the prpceedings of the symposium Held in Munich 12-14 October 2007, p.29,206,252.

14. Stukey.J, (2015) Spirit Possession and the Goddess Ishtar in Ancient Mesopotamia, MatrifocusCross-Quarterly for the Goddess Woman Samhain, 2008, Vol.8-1, Published, p.4.

15. Tobler, Arthur, J, (1950) Excavations at Tepe Gawra, Vol II, Published by University of Pennsylvania, p.364.

16.Werr. L G (2012). A Note on Sumerian Fashion, pp.387,388.